# دەرسی 27



ڕەژی



ژن



## دادە ڕۆژین و کاک سامان

دادە ڕۆژین و کاک سامان ژن و مێردن.
کاک سامان مێردی دادە ڕۆژینە.
دادە ڕۆژین و کاک سامان مامۆستای فێرگەن.
فێرگەی دادە ڕۆژین زۆر دوورە.
فێرگەی کاک سامان زۆر نزیکە.





ژیر

کاژین

کاژین کچی دادە ڕۆژین و کاک سامانە.
ژیر کوڕی دادە ڕۆژین و کاک سامانە.
کاژین کچێکی ڕووگەش و شادە.
ژیر کوڕێکی زانایە.
کاژین و ژیر ڕۆژانە دەچنە نزیک فێرگەی بابە و کایە دەکەن.

شوێنی بەتاڵی چوار ڕستەی ژێروو ، بە چوار وشەی خوارەوە پڕ کەوە :

1ـ کانی دەرمانی چاو بۆ باوکی .................. .
2ـ چاوی سەبری بە ماچ باش .................. .
3ـ دار ئاوی ................ .
4ـ داهاتی زۆردار کەم ........... .

دەوێ ــــ نییە ــــ نابا ــــ نابێ ــــ

# میوە









ترێ میوەیە .

سێو میوەیە .

مۆز میوەیە .

ترێ و سێو و مۆز میوەن .

- جێی بەتاڵی ڕستەکانی ژێروو بە وشەی پێویست پڕ کەوە:

1- دایکی زیبا جووتێک گوارەی بۆ زارا ..................... .

2- سەقز شارێکی مەزنی ..................... .

3- فەرید ئاگری کورە ..................... .

4- وەستا مارف کوتک ..................... .

5- سارا بۆ ..................... دەگری .

6- قادر و قاسم بۆقی سارا دەبەن و ..................... .

7- کانی و باوکی ئێواران ..................... دێ .

8- دادە ڕۆژین دایکی کاژین و ..................... .

## ڕستە ساز بکە !

- ئایا دەتوانی لە ئەم چەند وشانەی ژێروو ، ڕستەیەک ساز بکەی ؟ ئەگەر توانیت ڕستەیان لێ ساز بکەیت، ڕستەکانت لە ژێرەوەی دێڕی خۆیاندا بنووسەوە. ئەگەر نەتزانی، سەیری لاپەڕەی خوارەوە بکە و فێر ببە :

سەگی - بە - مام بارام - دەوەڕێ - گورگی - کێوی - .

.................................................................................................. .

---

بێری - دەوەرێنێ - داران - میوەی .

.............................................................................................. .

---

کانی - ئاو - بادام - داری - دەدا .

................................................................................................ .

---

ـ لە ژێرەوە ، دوو ڕستە لە بەرامبەری یەکتر دا نووسراون. مانای دوو ڕستەکان دەبی دژی یەکتر بن . بۆ وێنە :

دارا دار ئاو دەدا . سارا دار ئاو نادا.

ئێوەش ڕستەکان بخوێننەوە و بە یارمەتی وەرگرتن لە ڕستەی تەواو، ڕستە ناتەواوەکە بە وشەی پێویست پڕ کەنەوە.

---

| | |
|---|---|
| 1ـ کاک سارم دار ئاو دەدا. | مام بارام دار ئاو ............... . |
| 2ـ چاوی سەبری ژان دەکا. | چاوی سامان ژان ............... . |
| 3 ـ فەریدە نان و ئاو دەبا. | فەرید نان و ئاو ............... . |
| 4 ـ بەژنی دارە چنار بەرزە. | بەژنی دارە سێو ............... |
| 5ـ فەرید کورە دەدەمێنێ. | فەریدە کورە ............... . |

---

## ڕستە ساز بکە !

ڕستەکانی لاپەڕەی پێشین ئەمانەن :

سەگی مام بارام بە گورگی کێوی دەوڕێ .
بێری میوەی داران دەوەرێنێ .
کانی داری بادام ئاو دەدا .

---

# دەرسی 28



بەرخ



چەرخ



خۆخ



خەو



ڕاست



خوار



ساوان، کچی خاوەرخان و کاک فەرخەیە.

خاوەرخان و کاک فەرخە ژن و مێردن .
ساوان کچی خاوەرخان و کاک فەرخەیە.
ساوان وەک بەرخ ورد و نەرم و خوێن شیرینە.
خاوەرخان و کاک فەرخە کچی خۆیان زۆر خۆش دەوێ.
ساوان خۆشەویستی دایک و باوکە.



# خوێندنگه

خاوەرخان مامۆستای خوێندنگەیە.
خوێندکارەکان مامۆستای خۆیان زۆر خۆش دەوێ.
خوێندنگەی خاوەرخان نزیکە.



خوێندکارەکان کایە دەکەن.

کاک فەرخە دارتاش و وەستاکارە.
کاک فەرخە چەرخی گاریّ ساز دەکاتەوە.
کاک فەرخە ڕۆژانە سیّ چەرخ ساز دەکاتەوە.
ڕێگای گوندەکان بۆ شار زۆر باش نییە ، بۆیە چەرخی گاریّ زۆر زوو دەشکیّ.



وەستا فەرخە



# خوێندنگه

خوێندنگه جێی خوێندنه.
کوڕ و کچەکان دەرس دەخوێنن.
کوڕ و کچەکان خوێندکارن.
خوێندکارەکان مامۆستای خۆیان زۆر خۆش دەوێ.
خاوەرخان مامۆستای خۆشەویستی خوێندکارەکانه.
خوێندنگەکەی خاوەرخان زۆر نزیکه.



خاوەرخان و خوێندکارەکان خەریکی خوێندنن.



## کارگای دارتاشی

کارگا، شوێنی کارکردنە.

وەستا فەرخە دارتاشە.

وەستا فەرخە چەرخ ساز دەکاتەوە .

ڕێگای گوندەکان ناخۆشە، بۆیە چەرخی گاریێ زۆر زوو دەشکێ. وەستا فەرخە کرێکارێکی ڕووخۆشە.

خـ خ

## - پرسیار و وەڵام :

مامۆستا :

1ـ گارێ چەند چەرخی هەیە ؟

2ـ دوو گارێ ، یەکیان هیچ چەرخی پێوە نییە و ئەوی تریان هەر دووک چەرخەکانی سازن؛ بە بڕوای ئێوە کامیان باشتر دەڕوا؟

3ـ قەڵەمەکەت لە سەر مێزەکەت دابنێ و پەنجەی دەستت بخەرە سەری و هەر وەک چەرخ بە سەر مێزەکە دا بیگەڕێنە ، ئێستا ئەم کارە دەگەڵ ڕاستە((خەت کێش) بکە و بیگەڕێنە ؛ کێهەیان باشتر دەڕوا؟

4 ـ لە ژێرەوە دوو تراکتۆران دەبینی؛ تۆ پێت وایە کامیان دەتوانێ بڕوات و کەمیان نا؟ بۆچی ؟



5ـ پەتی دارە خڕەکەی ژێرەوە لە دەست سارا دایە و ڕایدەکێشێ و، سەیوان پەتی تەختە پانەکەی گرتوە و دەیکێشێ، بە بڕوای تۆ، هی ئەوەی سارا توندتر دەڕوا یان هی سەیوان؟ بۆچی ؟!



# دەرسی 29



پەنجەرە



پشت



پیاز(پیواز)



تۆپ



پەنیر



کەپۆ(لووت)




پاپۆڕ



پاوان کچی دادە سەکینە و کاک زاگرۆسە.
پشکۆ کوڕی دادە سەکینە و کاک زاگرۆسە.
دوێنێ دادە سەکینە و کاک زاگرۆس و پاوان و پشکۆ چوونە بازاڕ.
دادە سەکینە جووتێک گوارە و بووکێکی بۆ پاوان کڕی.
پشکۆ تووڕە بوو.
پشکۆ گوتی : ـ بووک بۆ پاوان دەکڕن ، منیش دەمەوێ !
دادە سەکینە پێکەنی و گوتی :
ـ چ خێر بوو پشکۆ ! تۆیش بووکت دەوێ ؟
پشکۆ گوتی: ـ نەخێر من بووکم ناوێ... بووک بۆ پاوان دەکڕن، منیش تۆپ دەکڕم و تۆپم دەوێ.
کاک زاگرۆس تۆپێک و جووتێک کەوشی بۆ پشکۆ کڕی.
کاک زاگرۆس و دادە سەکینە و پشکۆ و پاوان گەڕانەوە.



پاوان و پشکۆ

پاوان بووکی کڕی .
پاوان و دەستەخوشکەکانی بوک بووکێن دەکەن.
پشکۆ تۆپی کڕی .
پشکۆ و دەستە براکانی تۆپ تۆپێن دەکەن.
دادە سەکینە و کاک زاگرۆس سەیری پاوان و پشکۆ دەکەن.

پـ      پ

تـەمرینـی مامۆستا و قوتابـی

پـ پـ پـ پـ پـ پـ
پـ پـ پـ پـ پـ پـ
پـ پـ پـ پـ پـ پـ

پ پ پ پ پ پ
پ پ پ پ پ پ
پ پ پ پ پ پ

تـەمرینـی دەنگ و دەنگبزوێن :

په پا پۆ پێ پێـ پوو پی پیـ پو
په پا پۆ پێ پێـ پوو پی پیـ پو
په پا پۆ پێ پێـ پوو پی پیـ پو

ماموٚستا :

پیتی (پ) دوو جۆره. (پـ)ی بچووک و (پ)ی گەوره.

ئێوه ئەم پیتانەی ژێرەوه دەناسن. کامه پیت جۆری گەوره و بچووکی هەیه، لە خانەی بەرامبەریان دا ئەم نیشانەیه(+) دابنێ.

| | |
|---|---|
| ۆ | |
| س | |
| ش | |
| د | |
| ر | |
| ب | |
| و | |

| | |
|---|---|
| ا | |
| گ | |
| ف | |
| ق | |
| ز | |
| ت | |
| م | |

| | |
|---|---|
| ج | |
| چ | |
| ێ | |
| ژ | |
| ک | |
| ی | |
| خ | |

1ـ کاک زاگرۆس باوکی پاوانه.

2ـ کاک زاگرۆس باوکی پشکۆیه .

3 ـ کاک زاگرۆس باوکی پاوان و پشکۆیه.

4ـ کاک زاگرۆس مێردی داده سەکینەیه.

5ـ داده سەکینه دایکی پاوان و پشکۆیه.

6ـ داده سەکینه ژنی کاک زاگرۆسه.

## ـ ئەمانه بزانه :

### کوڕ

1ـ پشکۆ و ئازاد برادەرن .

2ـ پشکۆ و ئازاد دەستەبران.

3ـ پشکۆ و ئازاد و ماردین برادەرن.

4ـ پشکۆ و ئازاد و ماردین دەستەبران.

### کچ

1ـ پاوان و تارا دۆستن .

2ـ پاوان و تارا دەستەخوشکن.

3 ـ پاوان و تارا و شنه دۆستن .

4ـ پاوان و تارا و شنه دەستەخوشکن.



پشکۆ و پاوان خەوتوون .

پشکۆ و پاوان خەوتوون ، پێت وایە ئەمانەی خوارەوەش دەخەون؟ کامیان دەخەوێ بڵێ (ئا) ، کامیان ناخەوێ بڵێ (نا).
پەنجەرە ...... بەرد ...... سەگ ...... مراوی ..... قەڵەم ..... مامۆستا .....
کەوش (پێڵاو) .... مەیموون ..... چۆلەکە ..... کڵاو ...... دایە ..... نان .....
بابە .... پشیلە .... کاک زاگرۆس ... دادە سەکینە...